ستۆری و بنەما نێودەوڵەتییەکانی کاری ڕۆژنامەگەری

10 پرۆژەی ڕاگەیاندن

فرمان عەبدولڕەحمان



43740

Preview sample - page 1 of 6 - Soran University Academic Digital Library



دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

ستۆری و بنەما نێودەوڵەتییەکانی کاری ڕۆژنامەگەری

- نووسینی: فرمان عەبدولڕەحمان
- بابەت: ڕۆژنامەوانی
- نەخشەسازی ناوەوە: گوران جەمال رواندزی
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- ژمارەی سپاردن: ٥٢١
- نرخ: ٢٠٠٠ دینار
- چاپی یەکەم
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

زنجیرەی کتێب (٣٦٩)

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

Preview sample - page 2 of 6 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

بە پێنوسی رۆژنامەنووسی نەڵمانی سۆزانا فیشەر

وەك رۆژنامەنووس لە قوتابخانەی (هێنری نانین) بۆ رۆژنامەگەری لە شاری هامبۆرگی نەڵمانیا راهێنانم وەرگرتووە و فێربووم کەوا دەبێت هەوال کوورت و پوخت و روون بێت و ماددەی زۆر کرنگ لە بەشی سەرەتای هەواڵەکەدا دابنێم. ئێمە گەلێك کاری لێکۆڵینەوەیی و چاوپێکەوتن و کۆمێنتەریان بە پراکتیکی بە ئەنجام گەیاندوە، بۆ ئەو مەبەستەش لە لایەن ئەو قوتابخانەیەوە دەنێردراین بۆ هەموو لایەك تاوەکو لە راپۆرتکردن تاقیمانبکەنەوە.

بەڵام کە هاتمە عێراق بۆ راهێنانی رۆژنامەنووسان وانە وتنەوەم لە عێراق کەمێك جیاوازی پێوەدیاربوو. بێگومان ئەو وانانەی دەمانوتەوە لە نەنیستیتیۆی رۆژنامەوانی جەنگ و ناشتی (IWPR)، کۆمەڵە زانیارییەك بوون دەربارەی «ستانداردی نێودەوڵەتی کاری رۆژنامەکەری»، هەرچەندە زۆربەی کۆرسی پرۆگرامی راهێنانەکە، کە دەنووسرایەوە پەیوەندیدار بوون بە ژیانی رۆژانەی قوتابییەکانمان، بەڵام پەرتووکی کۆرسی راهێنانەکە لەوانەیە گونجاوترین ماددەی خوێندنەوە بوو بێت بۆ نەوان.

لە یەکێك لە کۆرسەکاندا کچێکی گەنجی خەڵکی کەلار پرسیاری نەوەی کرد «گەر کەسێك ببینم بریندار بێت نایا پێویستە وێنەی بگرم، یاخود لە پێشدا یارمەتیان بدەم»، منیش وێستم زیاتر بزانم، پرسیم «نایا تۆ خۆت تووشی نەو جۆرە برپاردانە بوویتەوە؟»، لە وەڵامدا وتی: «بە هۆی بێزاری و ماندووبوونی خەڵك لە بوونی ٤ کاتژمێر کارەبا لە رۆژێکدا نێمە خۆپیشاندانێکمان کرد، بەڵام پۆلیس بە فیشەك وەڵامی دانەوە و یەکێك لە خۆپیشاندەران دوای نەوەی بریندار بوو، کەوتە سەر زەوی و منیش بە خۆم و کامێراکەمەوە بۆ لای رامکرد. پیاوە بریندارەکە لە پێشدا داوای لێکردم کە دەستەسرێکی بدەمێ بۆ نەوەی دەموچاوە خوێناوییەکەی پێ بسرێ»، نەو کێشە پرسیاری لێکردم نایا لەو کاتەدا کە خوێنەکەی دەموچاوی سڕی، وێنەکە رەسەنی خۆی لە دەست نادات؟

Preview sample - page 3 of 6 - Soran University Academic Digital Library

پرسیارەکان ڕەنگدانەوەی ژیانێك بوون، هەر یاسا و پێناسەیەك کە لە کۆرسەکاندا دەخستەڕوو خێرا قوتابییەکان وەریاندەکێڕایە سەر واقیعی ڕاستەقینەی خۆیان کە عێراقە. بەڵام هەوڵ نەوشتەیە کە جیاواز و ناناسایییە. «ژنێك خۆی دەستێنێت بۆ نەوەی خۆی بکوژێت»، نەمە هەوڵ نییە چونکە لێرە نەم ڕووداوە هەموو ڕۆژێك دووبارە دەبێتەوە. نەو شتانەم لە کاتی پراکتیکی خوێندکارەکاندا بە ناشکرا هەستپێدەکرد، کاتێك ڕۆژنامەنووسەکان دەستیان کرد بە کاری پراکتیکی، لە یەکێك لە نیشەکاندا کچە ویستی ستۆرییەك بنووسیت، گرنگترین شت لەو ستۆرییەدا نەوەبوو کە ژنە ڕۆژنامەنووسەکە ڕاپۆرتەکەی بە کوشتنی گوێدرێژێك دەستپێکردبوو، لە کاتێکدا لە بارەی کوشتنی سێ کەسەکەوە هیچی نەوتبوو. کاتێك پرسیاری لێکرا بۆچی بەو شێوەیە دەستی پێکردووە، بە کورتی وتی: «تەقینەوە هەموو ڕۆژێك لێرە خەڵك دەکوژێت، بەڵام کوشتنی گوێدرێژێك بە کەمی ڕوودەدات».

ژنە ڕۆژنامەنووسێکی تر لە موسڵ پرسیاری نەوەی کرد کە نایا کارێکی خراپە چاوپێکەوتنەکانی هەمووی لە ڕێگەی تەلەفونەوە نەنجامبدات؟ بەو پێیەی حەزی نەدەکرد ماڵەوە بە جێبهێڵێت، چونکە وێنەکەی لە مزگەوتێکدا هەڵواسرابوو، وەك دیاری کردنێك بە مەبەستی کوشتنی، نەمەش تەنها لەبەرنەوەی نەو ژنە ڕۆژنامەنووس بوو کەواتە پێیان وابوو سیخوڕە. نەو ژنە لە کۆرسێکی ڕاهێنانی نێدیتی ڕادیۆییدا ڕێکۆردێکی خۆی هێنابوو کە لە ناو تەکسیەکدا تۆماری کردبوو، کاتێك کەوتبووە نێوان تەقەی هێزەکانی نەمریکا و یاخیبووە عێراقییەکان، نێمە گوێمان لە هەناسەی بوو لە مایکەکەوە دەنگێکی ناساف و بەرز و نزم کە دیاربوو هەوڵێددا بۆ نەوەی خۆی بخاتە دەرەوەی نۆتۆمبێلەکە بۆ سەر زەوی، تاوەکو خۆی لە فیشەکەکان بپارێزێت. نەم ڕۆژنامەنووسە کە خاوەنی چوار منداڵ بوو سەردڕای نەوەی کە لە هەوڵێکی ناسەرکەوتوو بۆ ڕفاندنی و بەرکەوتنی فیشەکێك کە بە ڕێکەوت بەر شوێنی ترسناك نەکەوت، کەچی وازی لە کارەکەی نەهێنا و بەردەوام بوو وەك پەیامنێرێك.

Preview sample - page 4 of 6 - Soran University Academic Digital Library

ئەو ژنە ناوی سەحەر نەخەیدەری بوو، تەنها رێگە بۆ وەستاندنی ئەم ژنە جوامێرە لەکارەکەی بریتیبوو لە کوشتن، ئەوەبوو لە ٢٠٠٧/٦/٧ کوژرا لە لایەن گرووپێکی چەکدار کە چاودێریان کردبوو تا لە ماڵ بێتە دەرەوە لە مووسڵ. حەیدەری کەسێکی نایاب و بەهێزو سەربەخۆ بوو، خۆی بەکلایی کردبووەوە بۆ کارەکەی و لە هەمانکاتدا هاوسەرێکی دڵسۆزو دایکێکی خەمخۆری چوار منداڵەکەی بوو. هەر کاتێک سەردانی سەنتەری راهێنانەکەمانی بکردایە لە نەنیستێتیۆی رۆژنامەوانی جەنگ و ناشتی سلێمانی، دەچووە چێشتخانەکەو خواردنێکی بەلەزەتی بۆ دروستدەکردین. سەحەر حەیدەری دەبوایە بکوژرایە چونکە رۆژنامەنووس بوو، ئەو رۆژنامەنووسێکی عێراقی بوو کە جورئەتی پرسیارکردنی هەبوو، هەروەک دەنگێکیش بوو کە نەیدەویست وڵاتەکەی شپرزە بێت بە هۆی تووندوتیژی تائیفی و وای لێبێت لە لایەن گرووپە تیرۆریستەکانی سەر بە قاعیدەوە حوکم بکرێت.

من پێم خۆش بوو پێشەکی کتێبەکەی فرمان تەرخان بکەم بۆ یادگاری و جوامێرییەکانی ئەو کچە رۆژنامەنووسە و هاوپیشەکانی، وەکو یاسین دوللەیی و کەمال نەنبار و عارف عەلی فلەیەح، سێ رۆژنامەنووسی قارەمان بوون کە بەشداریان دەکرد لە کۆرسی راهێنانەکانمان بۆ نەوەی رایەك ببیستن، بەڵام نەوانیش بە شێوەیەکی زۆر بێبەستانە کۆژران، خوێن رشتنێك کە هەڕەشە لە هەموو رۆژنامەنووسە عێراقییەکان دەکات.

هەرلەو کاتەی دەستمکرد بە کۆرسی راهێنانی رۆژنامەگەری لە مانگی ناداری ٢٠٠٥، چەندین رۆژنامەنووسی نازا و بەجۆشم بینی لەسەرتاسەری عێراق کە پەرۆش بوون بۆ فێربوونی بنەماکانی کاری رۆژنامەنووسی، تاوەکو شتێکی جیاواز بۆ کۆمەڵگەکەیان بەرجەستە بکەن. رۆژنامەنووس و قوتابییەکان لە ١٨ پارێزگای عێراقەوە لە باشوور و باکوور دەهاتنە سلێمانی بۆ نەوەی پیشەیەکی نوێ فێرین، لە هەموو کۆرسێکی راهێنانەدا قوتابییەکان وێنەیەکی دەقاودەقی عێراقیان دەهێنایە ماڵەکەمان، بەشێوەیەك کەم شوێنی عێراق کۆبوونەوەی لەم جۆرەی تێدا دەبینرا.

ژنە رۆژنامەنووسێك کە لە بەغداوە هاتبوو بۆ راهێنان، دەیوت «پاش هەر دانیشتنێك لەگەڵ تۆ، هیوام بۆ دێتەوە کەوا عێراقییەکان هێشتا دەتوانن پێکەوە بژین». لەبەرنەوە

Preview sample - page 5 of 6 - Soran University Academic Digital Library

کۆرسەکانی راهێنانی رۆژنامەنووسان بۆ من تەنها کۆرسی راهێنان نەبوون بەڵکو نەو کۆرسانە بە شێوەیەك لە شێوەکان بریتیبوو لە نامانجێکی ناشتیانە و هەوڵێك بۆ ناشتکردنەوە و دروستکردنی نەتەوە. لە راستیشدا رۆژنامەنووسان دەتوانن رۆڵێکی گرنگ ببینن لە سەقامگیرکردنی کۆمەڵگا و گەشەدان بە هەستی یەکگرتوویی و لێپرسراوییەتی.

بە نیسبەت منەوە وەك راهێنەرێك، بینینی رۆژنامەنووسانی گەنج و چالاکی وەك فەرمان عەبدوڵڕەحمان، کە لە پیشەکەیدا بەردەو پێشچوونی بە خۆیەوە دیوە و لێپرسراویەتی لە رۆژنامەیەکی نوێدا وەرگرتووە، خۆشییەکی گەورەیە، کاتێکیش زانینم کە هەوڵیداوە بۆ بڵاوکردنەوە و بەخشینی ئەو وانانەی لە کۆرسی راهێنانەکان وەریگرتووە بۆ هاوپیشە گەنجەکانی هاوڕێی زیاتر دڵخۆشی کردم. لێرەدا هیوادارم زۆرێك لە رۆژنامەنووسان بە تایبەتی ئەوانەی کە خوازیاری فێربوونن کتێبەکەی فرمان بخوێننەوە و ناشنا بن بە بنەماکانی رۆژنامەگەرییەکی بەرپرسیارو باش.

بە راستیش رۆژنامەگەری کاری خزمەتکردنە بە کۆمەڵگە، لەبەرئەوە پێویست ناکات هیچ کەس نە سیاسییەکان و نە لێپرسراوەکان و تەنانەت هاوڵاتییەکی ئاسایی، رۆژنامەنووس بە دوژمنی خۆی بزانێت، لەلایەکی دیکەوە دەبێت رۆژنامەنووسانیش نەوە بزانن کە لێپرسراوییەتییەکی گەورەیان لەسەر شانە و پێویستە راستگۆ و وردبین و باوەڕپێکراوبن، هەروەك هیچ کات نابێت بە دوای ئەجێندای سیاسی خۆیانەوە بن، لە ژینگەیەك کە متمانەو ڕێزی دوولایەنە هەبوو هەموو کەس لە میدیاییەکی ئازاد و سەربەخۆ سوودمەند دەبێت.

سوزانا فیشەر

بەڕێوبەری پرۆگرامی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی IWPR

سلێمانی - ٢٠٠٨/٣/٢٦

Preview sample - page 6 of 6 - Soran University Academic Digital Library